

کەریم دەشتی

# ئێمە و ئەوانی دیکە

## گۆشەنیگایەکی فەرەنسی بۆ فرەجۆریی مرۆیی

ئەز لە بەشی یەکەمی ژیانمدا شەڕم ناسی، لەو کاتەی کە لەو وڵاتانە دەژیام لە ژێر دەستی رژێمی ستالینی دابوو... بەڵام ناسینێکی لە سەرخۆ، لە ساڵانی یەکەمی دوای شەڕ، من لەوە بچووکتر بووم کە بەچاکی لەهەواڵی ون بوونی لە هیکەوەی نزیکێک یا هاوڕێیەکی خانەوادەی خۆم بگەم، هەواڵێک کە بەقەسری لە شارێکی بچووک دەژیا، یاخۆ هەواڵی دابەزینی مەواریدی دارایی لەنکاوڕا، پاشان خانەوادەکەم لایەنگیری لەو سیستەمە کرد و چووە ریزی هەمان ئەوانەی کە سوودیان لێ وەردەگرت.

لە ساڵی ١٩٤٨ کارەکان تێکەڵ بەیەکتربوون، کاتێک هەندی هاوڕێیانی خانەوادەم ئەوانەش کە چووبوونە ریزی دەوروبەرەکانیانەوە خۆیان لە بەندیخانە دۆزییەوە، یاخۆ کاتێک لە رۆژنامەکان تەشهیریان پێ دەکرا (ئەو رۆژنامانەی کە من ئەو کات دەمتوانی



بیانخـوێنمـەوە) یاخـۆ ئەو کاتـەی کە باوکم تووشـی دژواری دەبوو لە کـارەکـەیدا، بەڵام من هـەر بەپێشـەنگێکی پڕ لە حـەماسی ستالینییەت مـامەوە هـەتا سـاڵی ١٩٥٢، دوایی سـتالین مـرد، مـنیش لەو کـاتـەی کـەلە قـۆناغی هـەرزەکـاریدا دەچوومـە پێـشـەوە ورده ورده فـەراغی گوتاری سیاسیم بۆ ئاشکرابوو کە رۆژانە رووبەرووی دەبوومەوە.

من قـەت قـوربانیـیـەکی راسـتـەوخـۆی رژێم نەبووم، چونکە پـەرچەکـرداری مـن وەکی بەرپـەرچی زۆربـەی هـاووڵاتـیـان بـوو، بەهـەرحـاڵ نەک بـەپەڵپ گـرتـن یان چوونە ژێر بار بەگێرمـە کێشـەوە، بەڵکو بەهـەڵگرتنی دوو جۆر کـەسـییـەتی، یەکێکیـان ئاشکرا و ژێربار و گوێڕایەڵ. ئەویتریان تایبەتی بوو هیچی نە دەکرد تەنیا ئەوەی کە حەزی لێ دەکرد.

بەڵام من بەمـانایەکی دیکەی وشـەکـە، سـەرەڕای هـەمـوو شـتـێکیش بـەڕاسـتی قـوربانی بووم، تەواو وەکو هـەر هـاوڵاتییـەکی وڵاتەکەم، چونکە کـەسـێتی تایبـەتیم وەک چۆن خـەیاڵم دەکرد بەرهـەمی رووتی خـواست و ویستم نەبوو، بەڵکو وەکو پەرچە کـرداریٚ وەبەردەهـات سـەبارەت بەهـەمـوو ئەو شـتـانەی دەوری دەدان، هـەر بەمـەشـەوە شـەرم ناسی. کـە لە ناو جیـاوازی توندوتیـژی ئەو رسکانە دابـوونوێنەرانی دەسـەڵات لە خۆیان لولدەدا، هـەروا لەو ژیانەیان لولدەدا کە تیـاندا دەژیان لە لایەک، ئەو ژیانـەش کە لە ئێمـەیان بار دەکرد کـە تیایدا بژین لە لایەکی دیکەوە.

وا بەدیار دەکەوت لە پرانسیپی جیاجیا وەرگیرابوو، هەروەها شـەرم لە ناچارکردن دابوو کە بەئاشکرا قسـە بکەیت بۆ لایـەنگیری لەو پێڕەوگـە رەسـمـیـانە و لەو دەسـتـدانـەی کـەبۆ مـانـای وشـە زۆر پاکـەکـانی وەک ئازادی، یەکـسـانی، عـەدالەت "وەبەر دەهـات"، هـەمـان ئەو وشـــانە بـۆ داپۆشـین و شـــاردنەوەی کـوشـت بڕین و جـیـــاوازییــە دژوارەکــان لە رێگـەی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان بەکار دەهات.

هـەروەها شـەرم لەوەدا بوو کە دەبوا لە هـەر بابەتێ هـەڵوێسـتێکی باشی تەنیات هـەبا، لەو سـەلماندنە دابوو کە بۆ ئەوە ئـەنجام دەدرا ئەو هـەڵوێسـتـە پێشـتـر دەسـتنیشـان کـرابوو بۆ بەرژەوەندی جێبەجێکەران لەو کاتەدا.

هـەروەها شـەرم لەو دەسـەڵاتە بێ سنوور هـەرەمـەکـیـەدا بوو کـە بابەتەکـەی لە مـیـانی دەستی پۆلیسـی دەزگای ئاسایش لە حـیزبەکان و بەرپرس و کارمەندە کارگێڕەکانی دابوو کە لە هـەمـوو ساتێکدا لە توانایاندا هـەبوو لە کارەکەی خۆت لە مـاڵەکـەت لە هاوڕێکانت یا لە ئازادی خودی خۆت وەدەرت بنێن رووتت کەنەوە.

دیسـان شـەڕ لەوەدابوو کـە حـەزیان دەکرد بخـرێیـتـە ژێرباری وەزاعەت لە سیستەمی شکایەت کردن کە لە هەموو پلیـەیەکدا دەهاتـە کـایەوە، لەهەمـان کـاتدابوویـووە هەمـان وەسیلەی زۆر خێرا بۆ شەقکردنی ڕێگەی ژیان.

هەروەها شـەڕ "ترس بوو لە تۆقان"، لە تەگەرەی مـادی، لە کـەمێ مـژادی بەکـارهێنان. یا لەسـەرە دوورو درێژەکـانێ بازاڕ، هەر بەتەنیا شەڕ نەبوو، بەڵکو دەبووە شـەڕی بەقەدەر ئەوەی کە بەروونی لە سیفاتی دیکەی ڕژێمـەوە وەبەر دەهات وەک چەند دروشـمێ بۆ خـۆی، هـەڵبـەت ئەو شـەڕە وەک یەک نەبوو لـە هـەمـوو مـەیدانێکدا، خـۆ ئـەگـەر وەک یەک با ئەوە ژیان مەحاڵ دەبوو.

من هێشتاکە خـەڵکانێکی سـەرسوڕهێنەرم دەبینی. یاخـۆ سوودم لە دەستپێکی سـەرسوڕهێنەری خەڵکانێ دەبینێ کە هەموو دەمێ بەمجۆرە نەبوون، لە نا ئامادەیی ژیانی ئاشکرا و شـایسـتـەدا، ژیانی تایبـەت زۆر دژواربوو(هەتا ئـەگـەر ئەوساتە لەوەش وەئاگا نەبووبم) پێوەندییە عاتیفییەکان، هاوڕێتی، بایەخ پێـدانە فـیکرییـەکـان و هونەرییـەکـان توندوتیژی دژواربوون.

کە هاتمە فـەرەنسا بەشی دووەمی ژیانم دەستی پێ کرد، ئەزموونەکەم دەرسی تەواوکردنێکی دوالیزمی وەرگرت.

لە لایەکدا وەک چۆن پێشـبـینی دەکرا سـەرەڕای ئەوەی ئەزموونەکـەم کەمتر راستـەوخۆ بوو بەڵام بەرفرەبوو. کتێبی دیمانەی تاوانی جینۆسایدی نازییەکان یان کاریگەرییەتی بۆمبای ئەتۆمی لە ژاپۆنی لەلای مندا کرد بەمەئلوف. هەندێ خوێندنەوەی دیکە هەواڵی کارەساتی شەڕی ئاسایی هەواڵی جەنگەکان و ڕژێمـە ئیستعمارییەکانی چوونم بۆ ناو رابردوو زێتـر بوو، من ئەو شـەڕانەم بـەچاوی خـۆم نەبینی بوو، بەڵام

**"باشـەترین لێکۆڵینەوە لە حـەقیقـەت ئەوەیە کە بەدەسـتی بهێنی"**

**"ئەو فیکرەی کە ئەزموونی کەسێتی دنیا خورد و خۆراکی پێ نادات، بەخێرایی بەرەو ئەو فەلسـەفە سـکولاسـتیکیەدا دادەتەپێ"**

هەست بەوێکچوونیان دەکەم لەگەڵ ئەوەی کە خودی خۆم ئەزموونم کردوون، دوو دڵ نیم لە ناسینی شەڕ وەک شەڕ "من زیاتر بەوە دوو دڵ دەبم کە تایبەتە بەخێر" هەستێکی وام هەیە کە من لەوێ هەستێکی موتڵەق بەچنگ دەگرم هەرگیز جێم ناهێڵێ. هاوسۆزیم بەنموونەی دیموکراسی نەک بەتەنیا ئەقڵانی بوو: خوێن دەپەڕێتە کەللەم کاتێ گومان لەوە دەکەن کەمن وا هەست دەکەم لە دژی ئەوەی قسەم بۆ دەکات پارێز دەکەم.

تەواوکردنەکەی دیکە بەتەواوی خودانی سروشتێکی دیکە بوو، ئەوەم لە حەقیقەتدا ئاشکرا کرد، وردە وردە جگە لە چەند شتێکی دەگمەن، ئەو کەسانەی کە ناسیمن هەر لەو کاتەوە، مەحروم بوون لە هەستی ئەخلاقی، تەواو وەک ئەوەی کە من لە ژێرییەوە دەمندالاند، هەڵبەت خەڵکانێ هەبوون کە خاوەنی قەناعەتی چەسپاوبوون، بەلام قەناعەتی سیاسی نا رەوشتی بوو، کە لە پرۆژەکانی ئایندە پێکهاتبوو، لە جیاتی ئەوەی پەرچەکردار بێ بەرامبەر ئێستادا بە هەموو جۆرێکەوە، بێ ئەوەی بۆ ئەوە بچێ کە ئەو مەبەستانەی لە زۆربەی کات دەیانبزوێنێ بریتین لە هەموو ئەو جۆراوجۆرەی ئەو پرینسیپانەی کەمن زۆر فێری ئەوەببووبووم خۆمیان لێ بپارێزم لە ولاتی خۆمدا، بەلام بۆچی ئەم هەمووەم بۆ باس دەکات؟ هەموو خوێنەرەکانم بەسەرسامییەوە ئەو پرسیارەم لێ دەکەن، ئەوەیان دوای کەمێکی دیکە روون دەکەمەوە، بەلام لە سەرمە یەکەمجار لایەنێک لەم ئەزموونە باس بکەم.

لە هەمان ئەو کاتەی کە من تێبینی نا ئامادەیی پەرچەکرداری ئەخلاقیم دەکرد ئەوە لە لایەن زۆربەی هاورێ تازەکانم من روخسارێکی دیکەم بەدی دەکرد، هەر لەوانەشە لە ئەنجامی ئەو نا ئامادەییەوەش بێت یاخۆ هۆیەک بێ بۆی، چونکە هەمان ئەو بیروباوەڕەی کە خۆیان پێ ئاشکرا دەکرد، هیچ ئاسەوارێکی بەجێ نەدەهێشت کە مانایەکی هەبێ بەسەر رەفتاریانەوە، پێچەوانەکەشی راستە هەر هەموویان بەیەکەوە وەک ژیانی مرۆیەکی بورژوازی بچووک دەژیان بانگەشەی ئەلگۆیەکی شۆڕشگێڕانەیان دەکرد، خۆ ئەگەر بیت بهاتایەتە دی ئەوە وای دەکرد بەردەوام بوونی هەندێ شێوەی ژیانمان مەحاڵ بێت، ئەو شێوانەی کەوا بەدیار دەکەوێ ئەوان زۆری پێ پێوەست بن، من هیوای ئەوەم نەدەخوازی کە ژیانیان نمایشێکی تەواوی بیروباوەڕیان بێ، جا لەبەرئەوەی من قەدیس نیم نەمدەتوانی داوایان لێ بکەم کەوا بن "بەهەر حاڵ کێ ئارەزووی ئەوە دەکات دەگەڵ قەدیسەکاندا بژیت؟" بەلام سەرنجی ئەو لێکترازانە تەواوەی نێوان ئەوەی کە دەژین ئەوەش کە دەیڵێین رووبەڕووم دەبووەوە ئەو رووبەڕووبوونەوە کە لە لایەن خودی ئەوانەوە نادیار بوو لەمیانی دوو بیربۆچوونی لێک جیا و نەک هەر ئەمە بەڵکو دژبەیەک، ئەو شتەی کە تەواو جیایە لەو

شڵەژانەی لە میانی ئارەزوو و وەدیهێنانی نا کامڵ هاتووەتە کایەوە، سەر لەنوێ ئەوە بێگومان ئەزموونی پێشوومە هەروەها رقبوونەوەمە لەو وشانەی کە کردار و رەفتار پاڵپشتیان ناکات، ئەوەش وام لێ دەکات کە بەهەمان ئەو شێوەیەوە چەقبەست بم، ئاگاهی ئەوەبووم کە من گەرەکمە لە یەک کاتا بیری خۆم بەئەزموون تێرکەم بەپێی توانا، لە هەمان کاتیشدا ئامادەبم تا بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە رێگەی بیرکردنەوە و نگریشە پێیان دەگەم بژیم.

بەڵام شتێک هەبوو لە ژیانمدا کە بەشێوەیەکی باش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە دەگونجا، ئەویش پێوەندیی نێوان کاری پیشەیی و کارەکانی دیکەی ژیان بوو، یاخود نا ئامادەیی ئەو پێوەندییە بوو لە ئەنجامی بایەخدانم بەکارەکانی ئەدەب زمان هاتبووە کایەوە.

من شارەزاییم پەیدا کرد لە ئەو شتانەی پێی دەڵێن "زانستی مرۆیی کۆمەڵایەتی"، بەڵام هیچ یەک لەو شتانەی کەوا بیرم لێ کردەوە سەبارەت بەزمان و ئەدەب پێوەندی بە باوەڕ بیروبۆچوونم نەبوو، کە لەو کاتانەدا هەستم پێ دەکرد تەرخان نەبوو بۆ کارکردن، هەر ئەوە نا بەڵکو زیاتریش، وا بەدیار دەکەوێ لۆژیکی ئەو زانستانە هەموو دەستێوەردانێ لەم چەشنە بەدوور دەخاتەوە، لەبەرئەوەی کارەکە وا باشتر دادەنرا بەقەدەر ئەوەی زیاتر بابەتی بێ، ئەوەش مانای ئەوە دەدا کە رێ دەدا بەدوورخستنەوەی هەموو کاریگەرییەکی زات کە من وابووم، یاخۆ بۆ چەند حوکمێکی راستساز دەمتوانی کامڵی بکەم، ئا بەمجۆرە هەڵبەت لە بەشێکی دەستنیشانکراوی بوونمدا، کەواتە من نەگونجانم دووبارە دەکردەوە یانی لانی کەم گۆشەگیرەکان کە من هەمیشە ئامادەم رەخنە لەوان بگرم، لەو کەسانەیە دەوریان داوم کاری وایان کردووە.

کە هۆشم کرد سەبارەت بەو لێکترازانە (دەستم کرد بەناڕازی بوون) لەو شتەی کە پێی دەگوتری زانستی مرۆیی کۆمەڵایەتی (کە بەباوەڕی من مێژوو بەشێکیان لێ پێکدەهێنێ) بەو شێوەیەی کە ئیمرۆکە کاری پێ دەکەین، چونکە دابڕان لە میانی ئەوەی کە هەیە لەوەی کە دەگوترێ، لە میانی رەفتار بەها بۆم بەدیاردەکەوێ کە ئاسەوارێکی بەدی هەیە.

چونکە وام بۆ بەدیار دەکەوێ کە دابڕان لە میانی ئەوەی کە هەیە و ئەوەشی کە دەگوتری، لە میانی رەفتار و بەها ئاسەوارێکی خراپی هەیە، بەتایبەت بەسەر بەهاوە "دابڕان نەک جیاسازی: هەروەها دەتوانین کە جیا بکەینەوە یاخۆ پێوەستی دەبن" هەر لێرەدا تەواو، لە واقیعدا دەستنیشانێ جیاوازی زۆری کاریگەریەتی دەکەم لە بایەخدان لە

میانی زانستی مرۆیی ئەوانی دیکە "زانستی سروشتی" کە زۆر جاران دژایەتی نێوانیان بەدیار دەخرێت بەپێی چەند پێوەرێکی دیکە، لە ڕێگەی بڕی دیقەت لە ئەنجامەکاندا لێرە و لەوێ، یاخۆ لە ڕێگەی سروشتی پرۆسیسەکانی زەینی کە داوای دەکات، یا بەپێی مەرجەکانی پشکنین، سەبارەت بەجیاوازی لەبابەتی دیراسە نەکراو "مرۆڤ – نامرۆڤ" دەبێتە هۆی جیاوازییەکی دیکە کە سەرەکییە لە پێوەندی نێوان دنیا و بابەتەکەی.

زۆر شت هەن جیولۆجی ئەو کانزایانەی دەخوێندرێن لە یەک جیا دەکاتەوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا شتەکان کەمن کە مێژوونووس و زانای دەروونناسی بابەتەکەی لە یەک جیا دەکاتەوە، واتە هەبوونە مرۆییەکانی دیکە، لەوەش بەدوای ئەوە ناکەوێ کە لەو مژدانەدا بەرەو کەم دیقەتی بچین، هەروەها پرانسیپی ئەقڵ ڕەت بکەینەوە.

بەڵام بێین وە دوورخستنەوەی ئەوەی کە تایبەتمەندێتی بۆ دروست دەکات ڕاستکەینەوە ئەوەیە کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان زات و بابەتە.

هەروەها دانەبڕاندنی واقیع بەهایە، ئەلێرە ئەو فیکرەی کە ئەزموونی کەسێتی دنیا خورد و خۆراکی پێ نادات، بەخێرایی بەرەو ئەو فەلسەفە سکولاستیکیەدا دادەتەپێ کە تەنیا خودی زاناکە ڕازی دەکات، یاخود دەزگا بیروکراتییەکان ڕازی دەکات کە عاشقی ناوەڕۆکی چەندێتین.

چۆن بایەخ بەمرۆیی بدەین بەبێ لایەنگیری؟ یاخۆ بەبێ لایەنی؟ من تەواو لەگەڵ ئەو کەتەگۆریایەی "سیمۆن ڤیل"م کە دەڵێ: وەرگرتنی مەعریفەکان لە حەقیقەتدا نزیک دەبێتەوە، ئەگەر کارەکە پێوەست بێ بەوەی کە خۆشماندەوێ نەک بەحاڵێکی دیکە.

ئا بەمجۆرە بۆ ئەوە چووم کە لێکۆڵینەوەی ئەخلاقی سیاسی فەرز بکەمە سەر زانستی مرۆیی کۆمەلایەتی، ڕاستە ئەو پێوەندییەی کە ئاماژەی بۆ کراوە هەموو دەمێک بەدیهی نییە، هەنێ بەشی کائینی مرۆیی کە دەخوێنین لەزات و بەهاکان نزیکترە لەوانی دیکە. جا ئاخۆ چ ڕێگەیی هەیە بۆ زانینی شوێنی خێر شوێنی شەڕ کاتێ فەیلەسوفێک پێمان دەڵێ کە ئەو کائینە فەزل دەکاتە سەر ئەوەی دەبێ "واتە هەبوون بەسەر دەبێدا دەخات"؟ هەروەها بیر بەسەر ئەقڵ؟ چ ڕێگەیەک هەیە بۆ شەتەکدانی گەرمێتی کەسێتیم بەئیپۆزێتی زمانەوانییەکان سەبارەت بەپێکهاتەی دەستووری ڕستەکان؟

بەتەئکید تێبینی کردنی شتەکان ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ واز لە بەها و زاتییەت بهێنێ. بەڵێ کارەکە لە لایەنێکی دیکەوە وەرگرین، لەوانەیە تەجریداتی فەلسەفی بەهۆی ئەو نێوانگەرییەی کە بەو بیرە ئەخلاقی و سیاسییەی دەچێتە ناو پێوەندی لەگەڵ زانستی

میتافیزیکیا خۆی نمایش دەکات، لە ئێمەوە نزیک بێتەوە. رەنگە سەخت بێ بزانین کە ئێمە لەگەڵ یاخۆ دژی ئەقڵانیەتین، شتەکان کەمێک روون دەبنەوە کە تێ دەگەین ئەو هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنە لە نێوان ئەوەی کە لەگەڵ یاخۆ دژی دیموکراسیەت بین. وەک چۆن "توکڤیل" دەیگوت مەزهەبە فەلسەفییەکان ئەنجامی عەمەلییان هەیە بەم جۆرە لە هەمان ئەو مونتەڵەقە کار لە من دەکات.

ئێستا لەوە دەگەین ئەگەر بابەتی ئەو کتێبە پێوەندیی نێوان ئێمە و هەردوو کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی "ئێمە ئەوانی دیکە: ئەوانەی کە لە ریزی کۆمەڵەی ئێمە نین" بێ پێوەندی نێوان گەلان و یەکێتی مرۆیی، ئەوە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە هیچ غەریب نییە نەک لە وەزعی ئێستای ئەو وڵاتەی کە من تیایدا دەژیم "فەرەنسا" نە لە وەزعی کەسێتی تایبەتی، کەسیش سەرسام ناکات بەوەی کە من بەدوای مەعریفەی ئەوە دەگەڕێم کە نەک هەر بەتەنیا بۆ ئەوەی کە دەبێ شتەکان چۆن بن بەڵکو هەروەها دەبێ چۆن بێ، نەک کارێک یا ئەوی دیکە بەڵکو یەک و ئەوی دێ، ئەو سلوکەی کە هاتمە سەر وەسفکردنی رابەرێتی کردم بۆ دانانی کتێبی (فەتحی ئەمریکا) کە لە ساڵی (١٩٨٢)دا بەدەرکەوت، هەر لەو کاتەوە من سەبارەت بەو بابەتە ماندووم، کە بەهەمان هەڵوێست دەستم تێ وەردەدا، کتێبێکە هێشتاکە شانازی پێوە دەکەم هەرچەندە من دوای کۆتایی پێکهێنانیشی هەستم نەکردووە لێی رازیم، ئەو حەکایەتانەم خۆشەویست کە تێیایاندا زیندووم دەکردنەوە. حەکایەتی کولبس و کورتس، موکتیزوماو دولاسء کازاس، بەڵام ئەو هەستە دایدەگرتم کە ئەو شیکردنەوە ئەقڵیەی کە من کردوومە نەدەچووە سەر قووڵایی شتەکان، کەواتە من ئارەزووی بەجێ هێشتنی بابەتەکەم نەدەکرد. سەرەڕای ئەوەش، هیچ سوودێکم نەدەبینی لە دووبارە کارکردن بەسەر بابەتێکی نوێوە، چونکە ئەگەر وام کردبا بەبێ گومان تووشی سەختی و هەمان سەختییەکان دەهاتم، ئەو کات بڕیارمدا یارمەتی بیریارانی رابردوو بدەم. پرسیارم دەکرد، ئایا نووسەرانی نەبوون زیرەکتر لەمن لە فەیلەسوف و سیاسی و زانا و دانەران هەر لە کۆنی کۆنەوە کە ئەو مەسەلەیە بخەنە روو؟ ئەگەر من بیری ئەوان شیکەمەوە ئایا ناتوانم سوود لەو زیرەکییە وەرگرم؟ ئایا بەم جۆرە لە ئاستی رووداوەکان چوومەتە ئاستی تێڕامانەوە.

بەڵام لەبەر ئەم هۆیە، لەبەرئەوەی کە من پابەند نەبووم لە گێڕانەوەیەکی دەستنیشان کراو، بۆیە مەوداکە فراوانتر بوو لەوەی کە دەبوو، ئایا ئەوەم لەبەر دەمدابوو کە هەموو بیریارەکانی هەموو زەمەنەکان بخوێنمەوە؟ هەرچەندە کە ئارەزووم گەورەبوو بەڵام توانای

ئەوەی نەبوو بچێتە ئەو رادەیە، یەکەمین دەستنیشانکردن کە ئەنجامدا هەرێم ئامێز بوو. تەنیا فەرەنسام هەڵبژارد، چەند هۆیەک وەک چۆن بۆم دیار کەوت هەبوو کە ئەو بڕیارەی سپی دەکردەوە:

یەکەم: لە راستیدا هەرچەند من غەریب ئەسڵ بووم بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە لەو وڵاتە دەژیم، ئەوەش وەک ئەرکێک لە ئەرکەکانی چلۆنایەتی وەدیار کەوت کە دەبوا زیاتر بناسم، جگە لەمەش بیری فەرەنسی دەورەدەری ئەو مەسەلەیەیە کە جێ بایەخی منە، چڕ و دەوڵەمەندە هەر بەشوێنی ناوەندی سەبارەت بەمێژووی ئەوروپی و هەروەها فیکرەی فەرەنسی هەموو هاوبەشیکردنەکانی نەریتەکانی دیکەی هەڵمژیوە و پێیەوە کاریان لێ کردووە.

ئا بەمجۆرە هەر بەتەنها ناسینی نەریتی بیری فەرەنسی (گرینگە لەسەر ئاستی مرۆیی) دەتوانین رەسدی نوێشکێکی مانادار بکەین سەبارەت بەمێژووی ئەوروپی (مێژوومان مێژووی من) بەگشتی. ئینجا لە ناو زەمەن پابەندبووم، مەسەلەی سەرەکی کە بەزۆریی دەمویست تێی بگەم تایبەت بەئێستا، هەر ئەو هۆیە بوو کە لە مێژوودا ویستم بەدوای ئەو ئێستایەدا بگەڕێم، هەر لەو پێودانگە بوو کە بایەخێکی زۆرم بەقۆناغێکی مێژووییدا کە سەدەی هەژدەم تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم بوو (بەڵام خۆم مەحروم نەکرد، لە سەرپێچی کردن لەو قاعیدەیە کە مەودام بۆ هەڵکەوت) چونکە من لە بارەی (مونتینێ و لیڤێ شتراوس)ەوەش قسە دەکەم.

لەکۆتاییدا لەنێو ئەو قۆناغەدا کتێبی خۆم بەپێی پێوەرێکی دوالیزمی هەڵبژارد "زاتی و بابەتی". ئەو نووسەرانەی کە توانیم لێکۆڵینەوەیان لێ بکەم و هەندێکیان کە بایەخی زیاترم پێدان بریتیبوون لە "مونتیریکۆ، رۆسۆ،

"
دیالۆگ دەبێ خوێنەر غەرقی سەرسامی بکات نەک قسە لەگەڵ مەلەکەی ئەقڵی خوێنەر بکات
"

"
لە مێژوودا ویستم بەدوای ئەو ئێستایەدا بگەڕێم
"

شاتوبریان، رینان، لیڤیٚ شتراوس".

ئەو مەودایەی کە هەڵمبژارد مێژوو نەبوو بەڵکو تێڕامان بوو لە مێژوو، هەر ئەو هۆیەیە کە وەسفێکی گشتی یا بەدواداچوونی قۆناغێک نییە بەڵکو لێتۆژینەوەیە لە ژمارەیەک لە بیریارانێ کە نوێنەرێ زەمەنی خۆیانن.

وام بۆ بەدیار کەوت کە لەم دوو سەدەیەدا هەموو بیری فەرەنسی بەسەر فرە جۆری گەلانەوە سەبارەت بەمەسەلە گەورەکانەوە چەقبەست بووە، کە هەمان ئەوانەم هەڵبژارد بۆ لێتۆژینەوەیان، ئەوەش ئەوە دەگەیەنی کە من بەدوای دژایەتی نێوان حوکمی گشتی و حوکمی ڕێژەییدا دەگەڕێم، ڕێ و ڕەچەڵەک، نەتەوە، ئەو ئەندێشانە بابەتی هەر یەک لە بەشەکانی کتێبەکەم دروست دەکەن، بەڵام لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەم باس لەو دانەرانە دەکەم کەوا بۆ من بەدیاردەکەون، کە ئەوانە لە نێو کولتووردا لە هەموویان ڕۆشنبیرتر بوونە بەتایبەت (مونتیسۆ).

من باس لە ڕێ و ڕەچەڵەک ناکەم و هەرواش باس لە ڕەفتاری ڕەچەلەک ناکەم بەڵکو باس لە مەزهەبەکانی پێوەست بەرەچەڵەک دەکەم، هەروەها باس لە فتوحاتی کۆلۆنیالی ناکەم بەڵکو باس لەو هەنجەتانە دەکەم کە پێی دراوە، جا ئایا لەوەدا خۆشەویستی نییە بۆ سکولاستیکیەت؟ کە ئەوەش لەوە سەرهەڵدەدا کە مامەڵەکردن لە گوتاردا نەرم و نیانترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداودا، هیوادارم وەڵام نێگەتیڤ بێت.

دوو بیروباوەڕ وای لێ کردم ئەوە هەڵبژێرم:

یەکەم: من مەزهەبە فیکرییەکانێ رابردوو بەوە دادەنێم کە گوزەرە یا لە بەرژەوەندی نووسەرەکانیانەوەیە، بەڵکو دان بەوە دادەنێم کە دەستیان لەسەر ڕەهەندی حەقیقەت داناوە، ئەگەر لە ڕێگەی گوتارەوە بچین تا بگەینە حەقیقەت لەوانەیە ڕێگایەکی خوار و خێچ بێت، بەڵام هەر دەگەین.

دووەم :وام باوەڕە کە گوتاریش ڕووداوە، بزوێنەری مێژوو نەک هەر بەتەنیا نمایشی ئەوە بێ، لێرەدا دەبێ لە پرانسیپی گۆڕینەوەی شتێ یا هیچ شتێ دوورکەویتەوە و بیرۆکەکان بەتەنیا مێژوو دروست ناکەن بەڵکو هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتیش کاریگەرن، بەڵام بیرۆکەکان لە هەمان کاتدا ئەنجامێکی نێگەتیڤانە نین، لە سەرەتادا وا دەکەن کە کارەکان هەموار بن، ئینجا ڕێ دەدەن کە قبوڵکرێن: بەهەرحاڵ لێرەدا کارەکە پێوەستە بەکاری گەورەوە، جا ئەگەر وا نەبا من بۆ لێرە ئەو دەقەی خۆم دەنووسی کە ئامانجییەتی کار بکاتە سەر ئەو سلوکە.

کەواتە ئەم کتێبە دوو ڕەگەیە، نیوەی دەربارەی مێژووی فیکرە و نیوەکەی دیکەشی فەلسەفەی ئەخلاقی سیاسی، بەڵام توانیومە دەستنیشانی چۆنیەتی دیدگای خۆم بکەم بۆ هەر یەکێکیان لە کارەکانی خۆم.

مێژووی فیکر جیاوازە لە مێژووی بیرۆکەکان و مێژوو (یاخۆ لێکۆڵینەوە) لە دانراوەکان، تایبەتمەندیەتی فیکر ئەوەیە کە لە زاتێکێ تاکەوە هەڵدەقوولێ، بەڵام مێژووی بیرۆکەکان لە ڕشتەی سایکرۆنییەوە هەڵدەقوولێ، بەڵکو لەناو کۆمەڵەی دایکرۆنیدا چەکەرە دەکات کە داڕشتەی دیکە دەکات بۆ هەمان بیرۆکە.

لە سەرەتادا "ڕوسو" بەتایبەت کە دیالۆگی خۆی لەگەڵ و کەسێتییەکانی دەست پێ دەکات، مونتینی، لابربیر، پاشان بەرپەرچی "چوبینو و جۆن ستیوارت میل توکڤیل" دەداتەوە، لە کۆتاییشدا مونتیسیۆ لە لایەن ڕەخنەگرەکانەوە ڕەخنەگری وەک هیلڤیوتیوس، کوندوسیی، بونالد.

هەروەها مونتیسیۆ و ڕۆسۆ ڕەخنە لە یەک دەگرن، کاتێک کە ڕووبەڕووی دیالۆگی وا نەبمەوە لە مێژوودا، یاخۆ بەو شێوەیەی کە ڕازیم دەکات، ئەوا من بەجەسارەتەوە ڕۆڵی دیالۆگیستی دەبینم کە لەسەر مەسئولیەتی خۆم مومارەسەی ڕەخنەی وەلامسازی دەکەم.

هەڵبژاردنێ دیالۆگ لێرەدا بەمانای خۆ وەدوورخستنەوە لە زێدەڕۆیی بەهەردوو شێوەیەوە، مونولۆژ و جەنگ، جا ئەو مۆنۆلۆژە تایبەت بێ بەرەخنەگر یا بەنووسەر گرینگ نییە، چونکە من وەفام هەیە بۆ میتۆدی (لسینج) باشترین لێکۆڵینەوە لە حەقیقەت ئەوەیە وەدەستی بێنی بەڵام جەنگ لە دەقەکاندا نییە.

ئەمەو جگە لەوەی دیالۆگ لای من بەدیالۆگێکی هەڵخەڵەتێنەرە ئەگەر قسە لەگەڵ مەلەکەی ئەقلانییەتی خوێنەر بکات لە جیاتی ئەوەێ خەیاڵی خوێنەر رای بکێشێ یان غەرقی حاڵەتێکی بکات لە سەرسامی... یەکێ لە ئەنجامەکانی من ئەوەیە کە من ئارەزوومە ئەوەی کە دەژین وئەوەی کە دەیلێین لێک نەکەمەوە و قسەیەک نەکەم کە نەتوانم ئەنجامی بدەم (قسە و ڕەفتار). ئەمێستاش لەوانە بەشتی جیدی دەست پێ بکات.

تێبینی:

(ئەم نووسینەم لە گۆڤاری (النهج) ژمارە١٢ێ (١٩٩٧) خوێندەوە کە هی نووسەری بەناوبانگ (تودوروف)ە، هەرچیم لێ بەباش زانی کردم بەکوردی شتە زیادەکانیشم لێ وەدەرنا). لە کتێبی ئەدەب و فەلسەفە.